# گمە چیاییەکان

**هەندرێن**

بۆ : ئەو کۆترە کیژەی کە بە گمەکانی بەناو چیای تاراوگەم وەربوو

***

لە دەنگتەوە چیایەکان نزیکبوونەوە.
لەمدیو چرپەی ئێوارەی بێماڵیم،
بە لەرینەوەی شیعرت دەچیٚ:
هاتنت

***



بە دەستی تامگری هێوریت

جۆلانەی یادەوەریی راژەنیم:
بۆنی کیژانەت.

***

لە تەوتەمی خەونستانمدا،
نەرمتر لە شیعریی تەنیم:
هەناریبت.

***

رەنگاڵەیەک لە پرچتەوە هەڵدەفڕیٚ و
جەستەی تاراوگەش پەلکەزێرینە دەپۆشیٚ.
کیژانە دەڕژێتە گەروومەوە:
شەبەنگت.

***

بێدەنگیت رارابیم رامدەکا.
وێدەچیٚ کپی خۆت لە رووحم چاندبیٚ؟
وەک چرپیەک لە تامی شەراب، دەمخواتەوە؛
دێتە ناومەوە:
نەرمی تۆ.

***

بە نیگات ئێوارە شلەژاو
چیایەک زەردەپەڕ دایپۆشی
لێک رامایین،

نزیکبوونەوەمان وەک سێبەر:
بەناو یەک رۆدەچن.

***
بۆ بەفر دوام، تۆم بەیاد هاتەوە.
ئەوە تۆی دەخزێیتە ئەمدیوی پێستمەوە؟
***
نیگارت نیگای دڵم خپدەکا.
تۆ تریفەی ناو شیعری:
بەناو خەونی ئەو چیایە پەنگخواردووەم:
داپرژێ.

***
بە رامان لە ماوەی نێوانمان،
بەفری ترۆپکان توانەوە و
کیژێکی نێرگزەجاڕیش،
بە گمەی جووتە کۆترەکەی
لە کانی دڵی چیایەک ئاڵاوە.
ها ئەوە:
بناری یادەکان باڵدەگرن.

***
مانگ بە تریفەی سۆزییەوە،
چەند سەبوور
ڕاڕایی شوێن لەسەر تاراوگەی حوزنبار
دەنووسێتەوە،
هەر خۆشی، دەمنادەم، کە کات ناخی رادەچڵەکێنێ،
هاژەی زەریایەک دەچڕێ.

***
تاڤگەیەک لە نەوای (هەر کەسێ وتی من ئاشقم...)
بەسەر ئێوارەی تاراوگە فەوارە دەکا.
لەو دەمە، هەروەک لەشی ئاوێک بی،
چرپەیەک لە دەنگت و
تەڕییەک لە مێینەییت دەرژێیتە ناومەوە.
دەبم بە زریانێک لە پروشک و
دەبی بە رووبارێک لە خورپە.
مەمکە قومرییەکانیشت،
باڵەفڕێیانە لەناو لەپما.
ئەوەتا لە ژێر رێژەنەتا،

ڕەنگدەگرێ؛
دەچکێ:
شەپۆلی ئەم دڵە!

***

بوولێل و ئاسۆی خەیاڵم،
باوشییان لێکردووە.
دەمنادەم لە جەستەی خەوێکدا ڕێدەکەم.
وەسوەسەی یادەکان،
زیایەڵەی نامەکان،
شوێنەکاتێک دەنوێنن، وەک ئەوەی سێبەری خۆت بیت و
بە سیحری گوڵناری گوندێکی بنار یادەوربیت،
لە زمانی بێدەنگی هەڵدەفڕن.

***

بانگێک دەزرینگێتەوە لە زەینت:
(بەیانی وەک چۆلەکەیەک هەڵتدەستێنم،
لەگەڵ هەنار بنوو...)
سێبوورییەک لە شەوبا،
بێماڵی پەرێشانییەکان دەخوێنێتەوە و
فەرامۆشییەک جێگەکەت دەلاوێنێتەوە.
بەفر وەک گنگڵی کاتە لێکوونەکان،
بەناو ئامێزی درەختەکان
ورێنە دەکا.
کۆترێک لە نێوان لێوەکانمدا دەگمێنێ و
لە بەیانییەکی لە خەوماودا،
لەسەر ڕانی کیژێکدا، خەون دەبینێ:
ئەم چیایە؟!

***

لە هیکڕا دەنگم پڕ دەکەی لە کپی،
لە نیگاری شینی ناوت
لە گەرمی بێدەنگی
نەرمی پەیڤین و
ستڕانی هێوریت.
لێرەوە،
بە خۆم و ئێوارەوە:
لە چاوەکانت گومڕا بووین.

***

لەرەنگی کاغەز و
بە چرپەی پۆلە پەیڤەکان،
بۆنی پەنجەکانتی نووسیوە؛ هەڵگرتووە،
یان شەبەنگی لەشتە:
نامەکانی تۆ؟

***

کات لەم کاروانەدا،
کۆتاییەکی نییە.
مانگ لێرە،
بە دەنگێکی مەلوول
لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەخوێنێ
بەفری سەر رەوەز و کانیلەیەکی هەڵکوڕماو،
دەبرسکێتەوە.
شوێنەکان دەورووژێن،
شوێنپێکان چلوورە دەگرن.
ئەوە تۆی:
بە گمەکانت دەملاوێنیتەوە؟

***

گوڵناریی بەناو تاراوگە وەردەبی و
یادەکان
شوێنەکان
دەنگەکان،
رارایی دەتبینن.
لە شەپۆڵدانا،
بە چرپەی جۆگەلەییەک لە ژوانی بنار:
بە بەژنی چیایەکدا دەئاڵێی.

2006.02.25
ستۆکهۆلم/سوێد